# ژمێریاری هۆتێل

## یەکەم: پێشەکی لەسەر چالاکییەکانی هۆتێل و گرنگییان

لەم دواییەدا گەشت وگوزار بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی نەتەوی لەزۆر ولاتدا سەرنجی ڕاکێشاوەکان و لەئەنجامی زیادبوونی گرنگی ئابووری و کۆمەلایەتی چالاکی گەشتیاریدا پیشەسازی هۆتێل لەجیهانی هاوچەرخی ئێمەدا پەرەیسەندووەوە ئەم پیشەسازیە وەک پیشەسازی خزمەتگوزاری پەیوەستە بەبەڕێوەبردنی باش و هەیە سیستمی ژمێریاری گونجاوی بەکاربهێنێت و بۆ کۆنترۆڵ کاریگەر کە وای لە زۆرێک لە وڵاتان کرد پەیمانگای تایبەت بە هۆتێل دابمەزرێنن کە مامەڵە لەگەڵ بنچینەکانی خزمەتگوزاری بکەن

## دووەم: چەمک و پێناسەی ژمێریاری هۆتێل و تایبەتمەندییەکانی

هۆتێلەکان یەکەی ئابوورین بۆ قازانج و یاسا و ڕێساکانی بەڕێوەبردنی کاری ژمێریاری هۆتێلەکان هەمان ڕێسا و پرەنسیپ و چەمکەکانی زانستی ژمێریارین، بەڵام بواری کاربەرنامە جیاوازە، ئەویش چالاکی هۆتێلە. **ژمێریاری هۆتێل بريتي يةلة هونەر و زانستی تۆمارکردن و پۆلێنکردن و کورتکردنةوة و شیکردنەوەی ڕووداوە ئابوورییەکان و مامەڵە داراییەکانی هۆتێلەکە بة ئامانجي گەیشتن به زانيني ئەنجامی چالاکی و ناوەندی دارایی هۆتێلەکە.** بەشی ژمێریاری هۆتێلی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو مامەڵە داراییانەی کە لە ناو بەش و بەشەکانی جۆراوجۆری هۆتێلەکەدا ڕوودەدەن و تۆمارەکان لەسەر باری دارایی بپارێزن و ڕاپۆرت و زانیاری ژمێریاری پێشکەش بە کارگێری دەکات **بۆ یارمەتی دانی بە بڕیاری گونجاو وە دانانی پلان بۆ داهاتوو وە چازدێری کردنی چالاکیەکایەجیاوارەکانی هۆتێل وە دەرکردنی بڕیاری گونجاو بۆ ئەوەی هۆتێلەکە بگاتە بە بەرزترین ئاستی لە داهات**

**سێیەم: ئامانجەکانی سیستەمی ژمێریاری لە هۆتێلەکان:**

پێویستە سیستەمی ژمێریاری لە هۆتێلەکان ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدەست بهێنێت

**1- بۆ دیاری کردنی ئاستی سەرکەوتنی هۆتێل لەژێر رۆشنای داتای ژمێریاری و ئاماری کە ئەم سیستەمە دابینی دەکات ئەمەش بە ئامادە کردنی لیستی داهات بۆ دیاری کردنی ئەنجامی کارەکان لە قازانج و زیان هەروەها ئاگادارکردنەوەی کارگێری لە هەر گۆرانێك لە تێچووی ئەو خزمەت گوزاریانەی کە پیشکەش بە میوانەکان دەکرێت.**

2- توانا بەراوردکردن هتیة لە نێوان بەشە بەرهەمهێنة جیاوازەکانی هۆتێلەکە و دیاریکردنی داهات و خەرجییەکانی هەر بەشێک **لەگەل** زانینی **پوختەی** قازانج یان **زیانی** هەر بەشێک.

3- **روونکردنەوە ناوەندی** دارایی ڕاستەقینەی **بۆ** هۆتێلەکە **ئەمەش بە** ئامادەکردنی لیستی ناوەندی دارایی **بۆ**هۆتێلەکە لە کۆتایی ساڵی داراییدا

4. دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ پلاندانان و داڕشتنی سیاسەتەکانی داهاتوو.

5. دابینکردنی زانیاری و داتای پێویست بۆ بڕیاردانی گونجاو.

6- دابين كردني زانیاری پێویست بۆ ئەنجامدانی **چاودێری** ناوخۆیی لەسەر چالاكییە جیاوازةكاني هۆتێلەکە کە بەشداری دەکات لە ڕێگریکردن و **دۆزینەوەی** هەڵە و دزی لە کاتی خۆیدا و

7. **پاراستنی کۆمەلەیکی تەواوکار لە دەفتەرەو تۆمارەکان کە** هەموو مامەڵە داراییەکان **تێدا تۆمارکراوە** کە دەتوانرێت **بگەرێنەوە سەری** لە **هەر** کاتەک دا.

## ئامانجەکانی کارگێری هۆتێل

**کارگێری هوتێل که له (تیمی کاری ئیداری و دارای) پیك دێت هەول دەدات بۆ بە دەست هێنانی چەندین ئامانج بە درێژای سالْ وە ئەم ئامانجانە (کوتکراوەوەتەوە) بەم شێوەی خوارەوە:**

1. زیادکردنی داهاتەکان: زیادکردنی فرۆشی **ئاهەنگەکان** و وة زیاد بوونی نرخی تێکرای ژوورێک ومغسلة . هتد

2. کەمکردنەوەی تێچوونەکان: **له رێگای** پەرەپێدانی هۆشیاری گرنگیدان **بە** کەمکردنەوەی تێچوونەکان لە رێگای پابەندبوون بەبودجەی خەملێنراو

3. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی میوان

4. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کارمەندان

5. پێدانی وێنەکی باشە بە هۆتێلەکە .

ئامانجەکان پێشوو چالاکی هۆتێلەکان بە دەست نایی تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی و تەکنەلۆجیای نوێ بەڵکو بەهەوڵ و کۆششی **کارمەندەکان سەرکەوتنی کارگێری هۆتێل له ئەنجامی کۆششی کارمەندەکانە**

## چوارەم: تایبەتمەندیەکانی چالاکی هۆتێل

چالاکی هۆتێل جیادەکرێتەوة لە چالاکییە ئابوورییەکانی تر، چ پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵی یان خزمەتگوزاری ئەم جۆرە تایبەتمەندی و **خاسیەتەکان** چالاکی هۆتێلەکە پێویستی بە ڕەچاوکردني **کۆمەلێك ئەگەر** له کاتی هەڵبژاردن و ئامادەکردن و دیزاین کردني **سیستەمێکی** ژمێریاری گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجی

دیاریکراو زیادکردنی کاریگەری کارپێکردن و بە دەست هێنانی ووردبینی داواکراوە لەکرداری ژمێریاری.

**خاسیەتە جیاکەرەوەکانی چالاکی هۆتێل**

1- هەستیاری چالاکی هۆتێل بۆ ڕووداوە سیاسییەکان و هەلومەرجی ئابووری

2. فاکتەرە مرۆیەکان رۆلێکی سەرەکیە لە چالاکی هۆتێل و پیشەسازی هۆتێل.

3- پێویستە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بە کوالێتی بەرزبێت، سەرکەوتنی هۆتێل پیَوانە دەکریَت بە کوالێتی ئەو خزمەت گوزاریەي کە پیَشکەشی دەکات وە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی میوانەانە نەک بەکەرەستەکانی ناوهۆتێلەکە.

4. وەرزی و گۆران (بەرز بوونەوەو نزم بوونەوە) لە ریێژەی خواست.

چالاکی هۆتێلەکە بەوە جیادەکرێتەوە دەکرێت کە بە درێژایی ساڵ جێگیرنیە وە لە هەندێك کات دا دەگاتە لوتکە ڕێژەی داوەکاری تێیدا بەرزە وە هەندێك کات ڕێژەی داوەکاری کەم دەکات بەمەش داهاتی هۆتێلەکە کەم دەکات بۆ نموونە وەکو هۆتێلەکانی ئەو هەوارگە گەشتیاریانەی کە دەکەوێتە سەر کەناراوەکان وە هەروەها هۆتێلەکانی شاری سعودیە کەلە وەرزی حەجو عومرە رێژەی میوان زیاد دەبێت وە لە وەرزەکانی تر رێژەیان کەم دەکات

5. مامەلەکردن بە کاش بەشێوەیەکی جێرا

زۆربەی ئەوە مامەلەنە کە لە چالاکی هۆتیل ئەنجام دەدرێت بە شێوەی کاشە بە برێکی ریّژەی کەم جگە لەو کریارانەی هەمیشەین وەکو کۆمپانیا ناوەندە بازرگانیەکان کە هەژماریەکانیان دەگۆرێت بۆ استنادی مدین بە مەرجێك هەژمارەکە لە رێژەی دیاری کراو

زیادتر نەبێت لە ئاستی دیاری کراو هەروەها کرداری دارایی بە وە جیادەکریتەوە کە خێران کە کڕیار ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پەیوەندی ژمێریاری لەگەل هۆتێلەکە نامێنێت پیویستە ئەو برە پارەی کە لەسەرێتی بیدات بەر لە بە جێهێشتنی هۆتێلە کە بێگومان ئەمەش پیویستی بە دانانی سیستەمیکی ژمیریاریە بە هەمان خێرای ورردی لە کرداری تۆمارکردن گواستنەوەی هەژماری تایبەت بە میوان سیستەمێکی وەکو ئەوە هەلدەستیت بەریکخستنی هەژماری میوان بەشیوەێکی وورد یکخراو لە هەرکاێك دا بۆ ئەوەی هۆتێلەکە ئەوە زیانانە لە خۆنەگرێت کە روویانداوە لە کاتی تۆمارکردنی هەژمارەکان وەرگرتنیان بەر لە تەواو بوونی پەیوەندیکە لەگەل کریارەکە یاخود وەرگرتنی پارەی زیاتر لەوەی کە لەسەرێتی دەبێتە هۆی خراپبوونی ناوبانگی هۆتێلەکە

## 6. جۆراو جۆریەتی لە چالاکی هۆتێل

جۆراو جۆریەتی زۆر هەیە لەچالاکیەکانی هۆتێل کە چالاکی بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی وە خزمەت گوزاری لە خۆدەگرێت هۆتێلەکە کە هەلدەستێت بە کریً گرتنی شوێنی بازرگانیەکان وە کرینی کەرستەی پیویست بۆ ئامادەکردنی خورادن خواردنەوە وەکو چالاکیەکی بازرگانی هەروەها هەلدەستێت بە چالاکیەکی پیشەسازی لەرێگای گۆرینی کارستەی خاو بۆ ژەمیکی خۆراکی ئامادەکراو بۆ میوان بۆ چالاکی کشتوکالی بە شیوەێکی روون تێبینی دەکرێت لەزنجیرەی هۆتێلەکان هەڵدەستێت بەسەرپەرشتی کردنی کێلگەی تایبەت بەخۆی کە بگونجیت لەگەل پیداویستیەکانی هەروەها فرۆشتنی ئەو بەشەی کە زیادی کردوە لەبازارەکان وە چالاکی خزمەت گوزاری لە هەموو چالاکیەکانی تر وە هۆتێلەکە هەلدەستێت بە پیشکەش کردنی خزمەت گوزاری مانەوە خواردن وە خواردنەوە پیشکەش کردنی خزمەت گوزاریە یارمەتی دەرەکان ئەو جۆراو جۆریەتییە لە چالاکیەکان پیوریستی بە سیستەمی گشتگیری ژمێریاریە بۆ قبولکردنی ئەو جۆراوە جۆریەتیە لە بەرهەم هێنان لەو چالاکیە کشتوکالی خزمەت گوزاریەی کە هۆتێلەکە پیً هەلدەستێت

## 7. خێرای لەناوچوون وەبێتوانای لە خەزنکردنی بەرهەمەکان

**لە کەلوپەلی بازرگانی دەتواندرێت شتومەك بەرهەم بێت وە خەزن بکرێت بۆ ئەوەی دوای بفرۆشریت بەلام لەخزمەت گوزاری هۆتێل ناتواندرێت بەرهەم بێندریت وە خەزنبکرێت بۆ ئەوەی دواتر بفرۆشرێت ئەو خزمەت گوزاریانەی کەپیشکەش ناکرێت بە داهاتیکی لە دەست چوو دادنرێت بۆ نموونە ژوورەکانی هۆتێل ئەگەر بەکری درابێت یاخود نا تێچووەکەی لە ئەستۆی هۆتیلەکەیە بۆیە ناتواتدریت خەزن بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتێکی تر بەکرێ بدرێت لەبەر ئەوە سیستەمی ژمێریاری هەلێستێت بە پیشکەش کردنی زانیاری گرینگ دەربارەی ئەو ژوورانەی کە بەکارنەهاتووە نرخەکانیان بەشیوەێك بەکاربین کەداهاتی هۆتێل زیاد بکەن وە لێرەدا دەتواندرێت کارکێری بەرهەم هێنان بەکاربێت بەشیوەکی کاریگەر فراوان لە هۆتێل**

## 8. چری هەبووە جێگیرەکان و خێرای ئالۆ گۆرکردن سەرمایە

لەبەر ئەوەی چالاکی سەرەکی هۆتێلەکە بە شێوەیەکی سەرەکی چالاکی خزمەتگوزاریە نەک چالاکی بازرگانی یان کشتوکاڵی، **-تێبینی دەکرێ کە و بەرهێبانی هۆتیل لە هەبووە جێگیرکان ڕێژەی 70-90 ٪ پێکدێنێت لە کۆی و بەرهێنانی هۆتێلە کە بە گشتی سەرمایە ئالۆگۆر پێکراو جیادەکرێتەوە بە بچوکی قەبارەکی ماوەکەی و خێرای ئالۆگۆر کردنی بە بەراورد بەو بەرهێنانی تری هۆتێلەکە بەمەش تێبنی دەکرێ کە بەکۆگاکردن کەرستە خێرا لە ناوچووەکان و بەهاکەی وەکرێنیماوەکەی کورت بۆیە خێرینەکی زۆر هەیەلە ئالوگۆر پێکردنی دا لە بەرئەوەی زۆر لە مامەلە دارایەکان لەگەڵ میوان بەکاشی دەکرێ یاخود لەماوەی کورت خایەنە و خەرجی جێگیرەکانی هۆتێل ڕێژەی نزیکەی 27٪ لە کۆی کە بەردەوامە وتوشی گێشە نایێن لە پارەدارکردنی یاخود پەنابردنە بەر پارە دارکردنی دەرەکی**

### 9 - جوگرافیای چالاکی هۆتێل

چالاكی هۆتێل لەرووی ڕێژەی خواستەوە كاریگەر دەبێت بە جوگرافیا خواست لەسەر هەندێك خزمەت گوزاری هۆتێل زیاد دەكات بەپێ شوینی جوگرافی هۆتێلەكە وەكو زیاد بوونی خواست لەسەر ئەو هۆتیلانەی كە دەكەوێتە ناو بازارەكان وە ئەو هۆتیلانەی كە دەكەوێتە ناو پایتەختەكان

### 10 .كاریگەری بوونی چالاكی هۆتیل بە ئارەزووی بەكاربەر

هۆتێلەكە ڕۆژانە هەلدەستین بە پیشوازی كردنی كۆمەلەیكی جیاواز لە میوان كە خاوەن كلتورو ناسنامە وە ئارەزووی جیاوازن وە هەولدەدات بۆ پركردنەوەی پیداویستی وە حەزی هەموو جۆرەكانی میوان بە هۆی خستنەرووێكی گونجاوبۆ ژوورەكانوو وە خواردن وە خواردنەوە و خزمەت گوزاریە یاریدەرەی هۆتێلەكە

## پێنجەم: فاكتەرسەركیەكاتی سیستەمی ژمێریاری هۆتێل

سیستەمی ژمێریاری هۆتێلەكە لەسەر چەند پێكهاتەیەک دانراوە وەک ئەمە:

1.: **بەلگەی ژمێریاری لیستیكە كە هەموو هەژمارە** سەرەكی و لاوەكیەكانی هۆتێلی **لە خۆدەگرێت بە شیوەیەكی ڕێكو پێك دروست كراوە وە پۆلین كراوە كە تێدا دیاری كردنی سروشتی هەر هەژمارێك و پۆلێن كردنی لە ئەستۆدگرێت ئەگەر هەژمارەكە تێچوو بێت یاخود داهات بێت یاخود موجودات بێت یان داشكان بێت**

2. **كۆمەلەی مستند : مستندەكا بە بە لگەیكی مادی بەرجەستە دادنرێت كە راستی دروستی مامەلەكانی هۆتێلەكە دەسەلمینن وە دەكرێت مستندەكان دارایی یان ئاماری بن یاخود دەرەكی بن واتا داهاتی هۆتێلەكەیە لەلایانی دەرەكی**

3. **كۆمەلەی دەفتەری: بریتین لە سجلانەی كە هەموو مامەلە داراییەكانی هۆتێلەكەی تێدا تۆماركراوە كە لە مستندەكان وەرگیراوە وە دەفتەرەكان دەگۆرین بەپی سروشتی**

هۆتێلەکە لە رووی قەبارەو پەلین کردن و جۆراو جۆری چالاکیەکانی وە تێبنی دەکریت شوازی ئیتالی بۆ هۆتێلی قەبارە بچوك دەگونجێت بەلام شێوازی فەرنسی کە پشت دەبەستیت بە دەفتەری رۆژانە یاریدەری شیکاری دەگونجی بۆ هۆتێلی قەبارە گەورە چالاکی جۆراو جۆر

4- تەرازووی پیداچوونەوە وحسباتی چاودێری گشتی:

لە دوای کۆکردنەوەی هەژمارە جیاوازەکانی استاذ تەرازووی پێداچوونەوە لە هۆتێلە کە ئامادە دەکرێ چا تەرازووەکە بەشێوەی تەرسید بێت یان بە شیوەی کۆکراوە بێت هاوسەنگی ژمێریاری بۆ ئەم تەرازوو وانە بەرمەرجی سەرەکی بەلگە دادنرێیت بۆ سەلماندنی راستی وە دروستی کاری ژمێریاری بەلام بە بەلگەیەکی یەکلای کەرەوە داناندرێت چونکە ئەو جۆرە لە تەرازوودا توانی چارسەریکردنی هەندێك هەڵەی ژمێریاری نیە هەژماری گشتی چاودێری بەشداری دەکەن لەرێکخستێن وە چاودێری کردنی دائن مەدین بێگومان هاوسەنگی هەژماری تەرازووی پیداچوونەوە هاوتابوونی ژمێریاری بۆهەژمارەگشتیەکان بەبنەمایەك لە بنەما گرینگەکانی سیستەمی ژمێریاری هۆتێل

5. کۆمەڵەی یاسا و رینمای چاودێری

رینمای و رێکارەو ریسا ناوەکیەکان لەخۆدەگرێت کە کارگێری هۆتێلەکان دەری دەکات لەلایان دامەزراوەکانی ولاتەکە دەردەچێت بۆ ریکخستنی کاری ژمێریاری یاخود ئەو رێساو رینمایانەی کە لەلایان کارگێری خودی هۆتێلەکە دەردەچیت.

شەشەم: قۆناغەکانی کاری ژمێریاری هۆتێل:

1. کۆکردنەوەی ئەو بالگەنامانەی کە پالپشتی چالاکی ئابوریەکان و مامەلە دارای جیاوازەکان دەکات لە هۆتێل

2. تۆمار کردنی کرداری دارایەکان لەدەفتەری رۆژانەی یاریدەر وە دەفتەر رۆژانەی گشتی

3 . **گواستنەوە وە پۆلین کردن کرداری  داراییەکان لە دەفتەری استاز یاریدەر بۆ دەفتەری استاز گشتی**

4. **کورت کردنەوە لە تەرازووی پێداچووتەوە**

5.**هەڵسان بە ئەنجامدانی تصفیە جردی لەکۆتایی ساڵی دارایی.**

6. **ئامادەکردنی لیستی داهات وە خەرجی بەشەکانی بەرهەم هێنان لە هۆتێل.**

7.**ئامادەکردنی حساباتی کۆتایی هۆتێل کەوا لیستی داهاتی گشتی هۆتێل وە  تەرازووی گشتی لە خۆدەگرێت.**

**حەوتەم: بەشەکانی قازانج و خزمەتگوزاری لە هۆتێلەکان:**

**پەیکەری رێکخستنی هۆتێلەکان جیاوازە لە هۆتێلێك بۆ هۆتێلیکی تر** دەگۆڕێت **بەپی**  قەبارەی هۆتێل و خزمەتگوزاریەکان **ئەو خزمەت گوزرایانەی کە پیشکەشی دەکات زۆری سەرچاوەی داهات جۆراو جۆری لە تێچوو بەپێ چالاکی هۆتێلەکە وە بەشیوەیەکی گشتی پەیکەری ریکخستنی هۆتێلە کە دابەش دەبێتە بۆ دوو بەشی سەرەکی کەبریتن لە**

ا: **بەشەکانی** قازانج.

ب: **بەشەکانی** خزمەتگوزاری.

ا: **بەشەکانی** قازانج.

1. **کەرتی ژوورەکان کەپێکهاتوە لە**(بەشی ئۆفیسی پێشەوە، بەشی کاروباری ژوورەکان - سەرپەرشتی ناوخۆ)

2. **کەرتی** خواردن و خواردنەوەکان: (**خواردنگە وە چیشخانە**)

3. بەشی تەلەفۆن و فاکس

4. بةشي شوشتن

5. **بەشی راگرتن وە چاوەری کردن ئۆتۆمبیل**

6. **قۆناغەکانی ژمێریاری هۆتێل**

ب: **بەشی** خزمەتگوزاری

ئەم بەشانە، کە خزمەتگوزاری تەواوکەری دابین دەکەن بۆ **بەشەکانی** بەرهەمهێنانی **لە** هۆتێلەکە، بریتین لە:

1. بەڕێوەبردنی دارایی ، بةشةكاني **ژمێریاری** وخەزێنە و بەشی وردبینی ناوخۆیی لەخۆ دەگرێت.

**2. بەشی کرین ئەو بەشەکە کرینی کەرستەو وە مادەی خۆراکیەکان وە خواردنەوەکان پیداویستیەکانی تر هۆتێلە لە خۆدەگرێت بەپێ پیدویستی هۆتێلە کە**

**3. بەشی کارکێری کاروباری کارمەندەکان**

**4بەشی کارگێری کاروباری یاسایانی  وە ئەم بەشە هەموو لایانە یاسایەکان لە خۆدەگرێت کە دروست دەبن لە ئەنجامی مامەلە کردنی هۆتێل لە گەل لایەنی تر**

5. بەشی چاککردنەوە

6. بەشی **بەبازارخستن ئەم بەشە هەلدەستێت بە** ڕیکلام کردن و بازارخستن **بۆ** ئەو خزمەتگوزارییانەی **کە پیشکەش بە میوان دەکرێت بۆ سەرنج راکیشانی بریکی زۆر لە میوان.**